# حکومەتی عێراقیو هەقە بەش و مەرجەکانی سەرکەوتن

و:سەلام عومەر



ساڵێك زیاترە ئەم حکومەتەی ئێستای عێراق دامەزراوە لە زۆر لایەنەوە حکومەتێکی دەگمەنو بێ وێنەیە بۆ نمونە, لە ساڵی 1958 وە یەکەم حکومەتە متمانە بەپەرلەمانێکی  هەمە رەنگ دەکا, وە یەکەم حکومەتە زۆرینەی لایەنو نەتەوە سەرکیەکان نوێنەری سەرەکین لە ناویدا, هەروا یەکەم حکومەتیشە کە لە پێکهاتەکەیدا حکومەتو بەرهەڵستکاری تێدایە, پێش دەچێت یەکەم حکومەت بێ بڕیاری لەسەر ناوی هەندێ لەوەزیرەکانی دابێ بەچەند خولەکێك بەر لە دەنگ دان پێی یەکەم حکومەتیشە کە هەندێ لە هاوبەشەکانی ئەوانەی بەشدارن لە حکومەتەکەدا بەشکست هێنانی دڵخۆش بن وە یەکەم حکومەتە کە ژمارەی وەزارەتەکانی(35) وەزارەتە ئەوە لە کاتێکدا ژاپۆن تەنها 12 وەزارەتی هەیە, دوا حکومەتی فەرەنساش لە 15 وەزیر پێکهاتووە وە وەزارەتەکانی بەریتانیاش هەر بەقەد وەزارەتەکانی فەرەنسان.

ئەم حکومەتە عێراقیەی لە مەڕ خۆمان هەموو لایەنەکان بەشدارن تیایداو بۆی دەگرین, چونکە بەپێی بەش دابەش کراوە, بەشیش لەم حکومەتەدا یاسایەکە لەسەروی تواناو دەسەڵاتەکانەوە بۆیە هەمیشە بڕیارەکان ئەوانەی لەم حکومەتەوە دەردەچن تەنها ئەولایەنە مشوری جێبەجێ کرد نی دەخوات کە لەوەزارەتەکەی خۆیانەوە دەردەچێ، ئەوانی دی هەوڵی سەرنەکەوتنی بۆ دەدەن بۆیە ئەم بەشە میکانزمێکە بۆ پاشەکشە نەك پێشکەوتن، لەم کاتەشدا هەرگیز بەرێوەبەرایەتیەکی چالاكو بەرهەم هێن بەئاراستەی سەرکەوتن بەرهەم نایەت,چونکە پەیوەندی نێوان لایەنەکان تادێ بەرەو بێ متمانەیەی دەڕوات, ئەوەی ئەوانی هێشتۆتەوە لەناو ئەو حکومەتەدا (بەشە) بەشیش لەناو حکومەتدا بۆتە دیاردەی وە دەست هێنانی  دەست کەوتەکانو نەخشەدانان بۆ بەرهەمی زیاتر لەناو ئەو بەشانەی دیاریکراون.

بەم هۆیەوە حکومەت لە نێو کێ بڕکێ سیاسیەکاندا ناتوانێ بەسەر ئەو کەمو کوڕیانەدا زاڵ بێت کە هەستی پێدەکات بۆیە وێنەیەکی ناشرینی حکومەت لە نێو چوار چێوەیەکی پڕ لە بەریڵلایدا دروست کراوە و بەرژەوەندیە حزبیو کە سایەتیە بەرتەسکەکان بوونەتە ئەو   دیاردەیەی مەترسیەکانی دروست کرووە,ئەنجومەنی وەزیران لەم حکومەتەدا نوێنەرایەتی ئەم سێ لایەنە سەرەکیە دەکات (شیعەو سونەو کورد) ئەنجومەن لە بارودۆخێکی لە چوارچێوە دراودا دەژی یەکەم پابەندە بەو دامەزراوەیەی کە وەکو فەرمانبەرە تیایدا وخۆی لەناویدا دڵنیا کردۆتەوە دووەم: ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کەبەر لەوەی دەسەڵاتی (جێبەجێ کردن) بێت بۆتە شێوازی نوێنەرایەتیەکی رووت لەگەڵ هەوڵە بەرچاوەکانی هەندێ لە ئەندامەکانیشدا، بەڵام ئەم نوێنەرایەتیە بۆتە هۆی رەنگدانەوەیەکی خراپ لە نێو پرۆسەی سیاسیو نەگونجانی رایەکانی یەکترو زۆر جاریش دژایەتی کردن.

ئێستا سەرۆك وەزیران توانای گۆڕینی ناوو رستەیەکی نییە لە ئەنجومەنی سەرۆکایەتیدا, بۆیە ئەوانەی سەر بەلایەنەکەی ئەونین گومانی لێدەکەن زۆر جار لە بڕیارەکانیدا دژایەتی ئەو ئاراستەشن کە لەبەرژەوەندی گشتیدابێ,چونکە دەستکەوتێك دەبێت بۆ ئەو حکومەتەی سەرۆك وەزیرەکانی لایەنێکی ترە, لێرەشەوەیە سەرۆك وەزیران ناتوانێ ئەو هێلە گشتیانە ببڕێ کە کۆسپن لە

بەردەم بەرەو پێش چوونیدا ئێستا ئەو وەزارەتانەی چۆڵن سەدریەکان پاشەکشەیان تێدا کردووە ناتوانرێت یان سەرۆك وەزیران ناوێرێت بەبڕیارێك پڕیان بکاتەوە، چونکە شەریکەکان ئەوانەی بەشیان هەیە لە ناو حکومەتو وەزارەتیان پێ سپێردراوە, بە چۆڵیش بەهی خۆیانی دەزانن و لێناگەڕێن کەس جێیان بگرێتەوە، بەم هۆیەشەوە بۆشاییەکی فراوان کەوتۆتە نێوان لایەنەکانو بەتایبەتیش شیعەکانو لەناو یەك لیستدا بوونەتە چەند بەشێك لەهەمووشی سەرنج راکێشتر ئەوەیە ناو لەم حکومەتە نراوە (حکومەتی یەکێتی نیشتیمانی)ئەوە تەنها بەناو, ئەگەر نا هەر هەمووشتەکان هەر لە وەزارەتو داهات بگرە,تادەگاتە نیشتمانیش بەش کراوە، چونکە ئەم حکومەتە بەهەموو جیاوازیەکانیانەوە هەر لە ئاراستەی سیاسی و جوگرافی باوەرەوە بگرە تا دەگاتە گیانی نیشتیمانیشیان (بەش) بەسەریدا سەپاندون ئەو پێکهاتەیە دروست کەن,نەك پێداویستێکی راستەقینە بۆ ناوی (حکومەتی یەکێتی نیشتیمانی)؟

زۆر جاران پرسە هەنوکەیی و سەرەکیەکان ئەوانەی چارەنووسی ئایندەی عێراق دیاریدەکەن, دەبەستنەوە بە چارەنووسی کەسێکی دیاریکراو لەناو لایەنەکاندا, هەروا ئەگەر ئاراستەی گشتی بەلای گۆڕینی هەندێ لەیاساکانی دەستوور بچێ وەکو (یاسای نەوت و غاز) ئەوە سوننەکان بە پەراوێز خستنی خۆیانی دادەنێن , ئەگەر ئەم یاسایە لە خزمەتی هەموولاش دابێ و وەکو یەك داهاتەکە بەسەر ناوچە هەژارو دەولەمەندەکان دابەش کرێت, ئەوە دیسانەوە ئەو کۆسپانە دروست دەکەن کە ئێستا هەن, بەتایبەت بەعسیەکان, چونکە لە هەڵبژاردن دا دەنگیان نەدا دەڵێن هەموو ئەو بڕیارانە لە پشتەوەی ئێمەوە دەردەچن و لە بەرژەوەندی سوننەکاندا نییە بۆیە سەرجەم بڕیارە سیاسی و چارەنووس سازەکان ئەگەر بۆ بەرژەوەندی هەموو لاو لەناو خودی یان هەناوی بەشەکانیشەوە دەرچوبێ ئەوە هەندێ لایەن دەبەستنەوە بەو ململانێیە سیاسی و خێلەکیەی لەناو (حکومەتی یەکێتی نیشتیمانیدا)هەیە.

بۆیە هەمیشەو لە هەمووکاتەکانو لەماوەی ئەم ساڵ و چەند مانگەی حکومەتی هەڵبژێردراو دروست بووە, کۆسپ لە بەردەم بڕیارەکانی حکومەتو پەرلەمان دروست دەکەن بەئامانجی سەرنەکەوتن و هەڵوەشانەوەی.

خۆ ئەگەر ئەم لایەنانەی لە چوارچێوەی بەشەکاندا لەناو حکومەتدا بە دووی میکانزمێکی نوێ نەکەون بۆ دروستکردنی چوارچێوەیەکی نوێ لەو( گرێ بەستە حکومیە)ی ئێستا هەیە.

ئەوە مەرجەکانی نێو بەشەکان ئەوانەی بەشیان هەیە لە (حکومەتی یەکێتی نیشتیمانیدا) دەبێت بچنەوە ناو ئەو گێمە زیاد کراوەی لە کێ برکێی یاریەکانی حکومەتدا رەنگدانەوەی هەیەو هەموو گروپەکانیش دەبنە سوتەمەنی ئەو بەشەی وەزارەتەکانی لێ بەرهەم هات.